# پشتیوانی لەخۆپیشاندانی ئاشتیانەی گەلی کورد دەکەین

شاراوە نییە کەماوەیەکە شۆڕشی جەماوەری چەند ولاَتێکی ئەفریقی و خۆرهەلاَتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەچەندین ڕژێمی خۆسەپێن لەناوچەکە کۆتاییان پێبێت و، گەلان خۆیان خاوەن دەسەلاَت بن و، خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن تەنینەوە. ئەم شۆڕشە لەئێستادا بۆ چەندین ولاَتی تر کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ئومێدێکی گەورەیی بەئێمە بەخشیوە لەئێستادا ئەم شۆڕشە گەیشتۆتە سوریا و سەرەتاکەشی گەیشتۆتە تورکیا و درزیشی خستۆتە حکومەتی عێراق، بەسەرکەوتنی لەتورکیا و سوریا کاریگەریەکەشی دەگاتە ڕۆژهەلاَتی کوردستان، لەبەرئەوە گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی پشتیوانی لەگەلی نارازی باکوور و باشوور دەکات و، داواش لەگەلی کورد لەڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاَت دەکەین کەلەکەشتیەکە دوانەکەون و دەست بەڕاپەڕین بکەن. چونکە ڕۆژگاری بەدیهێنانی خەونە بەدینەهاتووەکانی گەلەکەمان نزیکبونەتەوە و دەبێت گەلی کورد بەووشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات و بەکەمترین زیان زۆرترین قازانج بکات و بەشێوازی ئاشتیانە ڕاپەڕینەکە سەربخات هەروەها داواش لەدۆستە تورکمان و عەرەب و فارسەکانمان دەکەین. بۆ بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد لەپارچە داگیرکراوەکان هاوسۆز و هاوهەڵوێست بن لەگەڵمان وەکو چۆن لەڕابردوو هەڵوێستیان هەبووە. لەگەڵمان هەروەها داواش لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا دەکەین کاربۆ گۆڕینی نەخشەی جیهان بکەن و پەلە بکەن لەبەرزکردنەوەی ئالاَی کوردستان لەڕیزی دەوڵەتە تازەکان چونکە شۆڕشە جەماوەریەکان کارئاسانی گەورە دەکەن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش لەسەرانسەری جیهان و بەیەکەوە ژیانی گەلان لەگەڵ یەکتری و نابێت چیتر گەلان بچەوسێنرێنەوە لەلایەن ڕژێمە سەردەست و داگیرکەران.

گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان لەناخی دڵەوە نیگەرانی بۆ خۆمان نیشان دەدەین بۆ ئەو کەسانەی لەم شۆڕشە جەماوەرییانە خۆشەویستانیان لەدەست داوە و هیوای چاکبونەوەی زوو بۆ بریندارانیش دەخوازین

گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان داوا لەئەندام و دۆست و لایەنگرانی دەکات بەقەڵەمەکانیان گوڕ بەشۆڕشە جەماوەرییەکان بدەن لەهەرچوارپارچەی کوردستان هەرلەئێستاشەوە سایتی سەرەکی گروپەکەمان کراوەیە بۆ تەنیا بۆ ئەو بابەتانەی کەتایبەتن بەشۆڕشە جەماوەرییەکان و بەشداری گەلی کورد لەمشۆڕشانەدا.

لەکۆتاییدا جارێکیتر پرسە و سەرەخۆشی دەنێرین بۆ ئەو کەسانەی لەم شۆڕشە جەماوەرییانە کەسێکیان لەدەستداوە و هەروەها هیوای چاکبونەوەی زووش بۆ بریندارەکان دەخوازین و بەو ئومێدەین کە کەشتی شۆڕشی گەلی کوردیش بگاتە مەنزڵگا

**گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان**

--
--
**http://www.besnuri.com**
**http://www.facebook.com/besnur**
Grupî Rojnamenûsanî Bêsnurî Kurdistan
گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێ سنوری کوردستان
Kurdistan Borderless Journalists Group
مجموعة صحفيي بلاحدود كردستان
گروه روزنامەنگاران بدون مرز كردستان